# Journal of Kurdish Literature

P-ISSN: 3657-2645 E-ISSN: 2717-0039
JOKL: http://jokl.uok.ac.ir
University of Kurdistan: http://uok.ac.ir

Spring and Summer 2026
**Volume X11, Issue 1, Series 21**


## Artistic and Aesthetic Aspects of Mawlawi's Poetry: Simplicity as the Dominant Characteristic


**Farhad Mohammadi**

Associate professor of Kurdish Language and Literature, Faculty member of Kurdistan studies institute. University of Kurdistan, Sanandaj, Iran.



**Article Type:**
**Original Research**

**Page Numbers: 185-198**

**Article History:**
**Received**
August 29, 2024
**Received in Revised Form**
December 06, 2024
**Accepted**
December 22, 2024
**Published**
August 23, 2026



**Email:**

f.mohammadi@uok.ac.ir



**Abstract**

Literary devices, particularly those related to aesthetics, are relatively scarce in Mawlawi's poetry. Those that do appear are not used for decorative or ornamental purposes but are integrated into the poetic lines in a way that seems entirely natural. Clearly, the artistic and aesthetic dimensions of Mowlawi's poetry are not limited to literary devices; therefore, understanding these dimensions requires an examination of other characteristics. In this study, Mawlawi's poetry is examined using a descriptive-analytical approach, with a focus on its artistic and aesthetic aspects. The findings indicate that emotional simplicity is the dominant characteristic and the central principle underlying Mowlawi's art and aesthetics. This simplicity results from various factors that are meaningfully interconnected in a network of relationships. The structure of the poet's mentality and poetic imagination, along with the nature of his intended audience, constitutes the basis of this simplicity in Mawlawi's poetry. The main components of the poet's mentality and poetic imagination are a lack of adherence to literary conventions, a lack of reliance on established modes of expression, and sincerity of expression. The use of local natural and cultural phenomena is the primary source of this simplicity.



**Keywords:** Mawlawi; simplicity; aesthetics; rhetoric; poetic audience

**Citation:** Mohammadi, F. (2026). Artistic and Aesthetic Aspects of Mawlawi's Poetry: Simplicity as the Dominant Characteristic. *Journal of Kurdish Literature*, 12(1), 185-198.
**DOI:** 10.22034/JOKL.2024.142015.1392



Copyright: © 2026 by the authors. Submitted for possible open access publication under the terms and conditions of the Creative Commons Attribution (CC BY-NC) license https://creativecommons.org/licenses/by-nc-sa/4.0/deed.en

## 1. Introduction

Researchers and experts in the field of poetry agree that Mawlawi's poems are of a high standard in Gorani poetry. Although Mawlawi's poetry is generally regarded as the pinnacle of his artistic achievement, more artistic than that of other poets, and representative of the highest achievement in Gorani literature, its specific aesthetic and artistic qualities remain unclear. Literary devices are not particularly numerous in Mawlawi's poetry, and those that appear are not used for decoration or embellishment but are necessary for speech and expression and are woven into his lines in a way that appears entirely natural. Clearly, the artistic and aesthetic qualities of Mawlawi's poetry are not limited to literary devices. To understand these qualities, other characteristics must be examined. This study aims to answer two questions: What is the dominant feature of the aesthetic and artistic qualities of Mawlawi's poetry, and what factors have contributed to the realization of this feature?

## 2. Methodology

In the past, rhetoric was used as a criterion for evaluating the artistic and aesthetic quality of a poet's work. However, contemporary poetry criticism takes a broader approach than rhetoric. Poetry is regarded as a unified system in which the meaning and function of all its elements are determined in relation to one another. Language (i.e., phonemes, words, and sentences), meaning, poetic imagery, music, and artistic emotion are components of the internal system of poetry. The roles of these components are not separate but are interconnected within a network of relationships.

The concepts used to interpret a poet's work include the alignment of artistic emotion and poetic imagination, the proportionality of meaning and language, the tone and aesthetics of poetry, and the structure of the poem's plot. A network of relationships connects these elements, leading to systemic unity in poetry. The implied audience is also an important factor that plays a role in the process of poetry production, and the dominant characteristics of a poem are undoubtedly related to that audience. The difference between one poet's work and another's, known as poetic style, stems from the operation of the overall system, which also takes the audience into account.

## 3. Analysis

If we want to determine the dominant characteristics of the artistic and aesthetic aspects of Mawlawi's poetry, simplicity can be considered its dominant feature. This feature is itself the product of two important factors: the structure of the poet's imagination and the type of his artistic audience. The poetic imagination and mindset of poets have a structure that should be considered in the methodology and criticism of poetry. Mawlawi's poetic imagination was not based on literary traditions, and these traditions did not provide a specific direction for his imagination. In other words, Mawlawi's approach to writing poetry did not originate from the poetic background of his predecessors or contemporaries. Therefore, the framework and basis of his poetic imagination were not based on the auditory and visual materials derived from other poets' works, and very little of the material that constitutes his poetry was derived from literary traditions.

The presence of an audience in the process of creating an artistic work is one of the most important factors. The poet structures a poem according to the audience's world of thought, feelings, and knowledge. In other words, the audience's level of artistic understanding and needs play an important role in the process of writing poetry. The poet determines the level and structure of expression by taking the audience into account. It is thus clear that there is an innovative relationship between the aesthetic qualities of a poet's work and the poet's artistic audience. In Mawlawi's case, this audience consisted of ordinary people in society rather than

a specialized group, such as poetry scholars, who focus on modes of expression and the use of literary devices to create new meanings.

## 4. Conclusion

The analysis of the aesthetic dimensions of Mawlawi’s poetry reveals three main characteristics: his departure from established patterns of expression, his limited use of literary devices, and his distinctive approach to meaning creation. First, although the subjects, themes, and motifs of his poetry can also be found in the works of other poets, his language and style of expression were not strongly influenced by the poetic traditions of his predecessors and contemporaries. Instead, he developed an individual mode of expression through which he conveyed his own experiences and emotional responses. Second, the aesthetic value of Mawlawi’s poetry does not depend on the frequent use of literary devices. Although simile is the most prominent device in his poetry, his expression is generally natural and unadorned. His limited use of literary devices can therefore be regarded as a distinctive feature of his poetic form and style. Finally, the diversity of subjects, expressions, and semantic units in his poetry reflects his ability to create meaning from his experiences and observations without relying primarily on established linguistic and semantic patterns. Taken together, these characteristics demonstrate that simplicity is the dominant aesthetic feature of Mawlawi’s poetry. This simplicity does not indicate an absence of artistic value; rather, it emerges from the originality of his expression, the naturalness of his language, and his distinctive approach to meaning creation.

## References

Fotoohi Rudmajani, M. (2007). *The rhetoric of image*. Sokhan. [In Persian]
Hallberg, P. (2018). *Literary theory and stylistics* (A. Qadir Muhammad, Trans.). Andêsha. [In Kurdish]
Khaznadar, M. (2003). *History of Kurdish literature* (Vol. 3). Aras. [In Kurdish]
Makaryk, I. R. (2006). *Encyclopaedia of contemporary literary theories* (M. Mohajer & M. Nabavi, Trans.; 2nd ed.). Agah. [In Persian]
Mawlawi, S. A. (2018). *Dîwanî Mawlawî* (M. A. Mudarris, Ed.; 4th ed.). Publication of Kurdistan. [In Kurdish]
Mohammadpour, A. (2010). *The lyric emotion in the Kurdish poetic experience*. Nashr-e Ehsan. [In Kurdish]
Mohammadi, F. (2022). Literary tradition and artistic creativity in classical Kurdish poetry with reference to Middle and Northern Kurdish poetry. *Journal of Kurdish Literature, 8*(1), 187–202. [In Kurdish]
Osmanpour, K. (2010). *The hell of distance: The aesthetics of Mawlawi's poetry*. Ministry of Intellectual Affairs of the Kurdistan Region. [In Persian]
Pirouz, G. (2008). New criticism in the crucible of criticism, with an emphasis on a systems approach. *New Literary Studies*, (160), 99–114. [In Persian]
Qadir Muhammad, A. (2007). *The lyric poetry of the great Kurdish poet, Mawlawi* (3rd ed.). Sardam. [In Kurdish]
Sadjadi, B. (2017). Gorani literature: Main stylistic features. *Journal of Kurdish Literature, 2*(2), 125–148. [In Kurdish]
Sadjadi, B., & Ibrahimi, M. (2018). *Kurdish language and literature*. Gotar. [In Kurdish]
Sajadi, A. (2012). *History of Kurdish literature*. Publication of Kurdistan. [In Kurdish]
Shafiei Kadkani, M. R. (2012). *The resurrection of words* (3rd ed.). Sokhan. [In Persian]

پژوهشنامۀ ادبیات کردی

بهار و تابستان ۱۴۰۵

**دوره دوازدهم، شمارۀ ۱، پیاپی ۲۱**

# لایەنی هونەری و جوانیناسانەی شیعری مەولەوی: ساکاریێژی وەک مۆرکی زاڵ

**فەرهاد موحەممەدی**

پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، ئەندامی لێژنەی زانستیی توێژینگەی کوردستانناسی، زانکۆی کوردستان، سنە، ئێران،

**DOI:** 10.22034/JOKL.2024.142015.1392

**جۆری وتار:**

**توێژینەوەیی ڕەسەن**

**لاپەڕەکان: ۱۹۸–۱۸۵**

**ڕێکەوتەکان:**

**وەرگرتنی وتار:**

٨ی خەرمانانی ١٤٠٣

**پێداچوونەوە:**

١٦ی سەرماوەزی ١٤٠٣

**پەژیران:**

٢ی بەفرانباری ١٤٠٣

**بڵاوکردنەوە:**

١ی خەرمانانی ١٤٠٥

**ئیمەیل:**

f.mohammadi@uok.ac.ir

**کورتە**

ئامرازە ئەدەبییەکان، بەتایبەت لقی جوانکاری، لە شیعری مەولەویدا هێندە زۆر و زەق نین و ئەوانەش کە لە شیعرەکانیدا دەرکەوتوون، بە مەبەستی ڕازاندنەوە و خەملاندن بەکار نەبراون، بەڵکوو پێویستیی وتە و دەربڕینن و بە چەشنێک لە نێو دێڕە شیعرەکانیدا تواونەتەوە کە زۆر سروشتی دەنوێنن. بەم پێیە ڕوونە کە لایەنی هونەری و جوانیناسیی شیعری مەولەوی تەنیا لە چوارچێوەی ئامرازە ئەدەبییەکاندا سنووردار نابێتەوە و بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی ئەم لایەنە لە شیعری مەولەویدا پێویستە بە دوای تایبەتمەندیگەلێکی دیکەدا بگەڕێین. لەم توێژینەوەیەدا شیعری مەولەوی بە شێوەی وەسفی-شیکاری لە بواری هونەری و جوانیناسییەوە تاوتوێ کرا. دەستکەوتەکان سەلمێنەری ئەم بابەتەن کە ساکاریێژیی هەستدارانە وەک تایبەتمەندییەکی زاڵ، دەبێتە تەوەری ناوەندیی هونەر و جوانیی شیعری مەولەوی. ئەم ساکاریێژییە خۆی بەرهەمی هەندێک هۆکاری جۆربەجۆرە کە لە نێوانیاندا پەیوەندییەکی واتادار و تۆڕئاسا لە ئارادایە. «پێکهاتەی زەینییەتی شیعری و خەیاڵی شاعیرانە» و «چەشنی بەردەنگی شیعریی شاعیر» سەرچاوەی ئەو ساکاریێژییە لە شیعری مەولەویدایە. «نەشۆپاندنی نەریتە ئەدەبییەکان»، «پشتنەبەستن بە نوێنەکەکانی دەربڕین» و «ڕاستیی وتە» لە ڕیزی بنەماکانی پێکهاتەی زەینییەتی شیعری و خەیاڵی شاعیرانەی ئەم شاعیرەیە. کەڵکوەرگرتن لە دیاردە سروشتی و فەرهەنگییە ناوچەییەکان بۆ پێکهێنانی چەمک و دەربڕینی مەبەستەکانی، سەرەکیترین دەرکەوتەی ساکاریێژییە لە شیعری مەولەویدا.

***وشەگەلی سەرەکی:*** مەولەوی، ساکاریێژی، جوانیناسی، ڕەوانبێژی، بەردەنگی هونەری

**ئاماژەکاری:** موحەممەدی، فەرهاد (۱۴۰۵) «لایەنی هونەری و جوانیناسانەی شیعری مەولەوی: ساکاریێژی وەک مۆرکی زاڵ»، *پژوهشنامۀ ادبیات کردی*، ۱۲ (۱)، ۱۹۸–۱۸۵.

## ۱- پێشەکی

توێژەران و خاوەنڕایانی بواری شیعر لەسەر ئەم بابەتە هاودەنگن کە لە شیعری گۆرانیدا شیعرەکانی مەولەوی لە ئاستێکی بەرزدایە و بە «پێغەمبەری شیعر و زەرەنگەری خەیاڵی شیعر و پەیکەرتاشی ئاسمانی بەرزی شیعر» ناوی لێ براوە (سەجادی، ۱۳۹۱: ۲۸۲). گەرچی بە شێوەیەکی گشتی ئاماژە کراوە کە شیعری مەولەوی لە بواری هونەرییەوە لە لووتکەدایە و لەچاو شاعیرانی دیکە هونەریترە و بە گەورەترین شاعیری ئەدەبی گۆرانی دادەنرێت (سەجادی و ئیبراهیمی، ۱۳۹۶: ۱۲۶-۱۲۷)، بەڵام بەوردی دیاری نەکراوە کە جوانیناسی و لایەنی هونەرییەکەی چۆنە و سەرچاوەی ئاستبەرزیی شیعرەکەی لە چیدایە. ئەوەی کە سەبارەت بە هونەری شیعریی مەولەوی گوتراوە، یان بابەتگەلی گشتین یان تەنیا لە ئاستی دەرهێنانی ئامرازە ئەدەبییەکانی شیعری ئەو شاعیرە بووە. گەرچی دەرهێنانی ئامرازە ئەدەبییەکان لە شیعری شاعیرێکدا کارێکی پێویستە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی گشتیی شیعرەکەی، بەڵام تەواو نییە. ئەوەی گرنگە سەرنجدان بە ئەم بابەتانەیە کە ئایا ئامرازە ئەدەبییەکان لە شیعری ئەو شاعیرەدا زۆرە یان کەمە و هۆکاری هەر کام لەم دوو حاڵەتە دەبێ شی بکرێتەوە؛ هەروەها زۆرتر ئامرازەکانی چ لقێک لە ڕەوانبێژی (= ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی) لە شیعری ئەو شاعیرەدا دەرکەوتووە و دەبێ هۆکاری ئەم بابەتەش ڕوون ببێتەوە. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە لایەنی هونەری و جوانیناسانەی شیعری هەر شاعیرێک پێویستە تەواوی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییەکی کارتێکەریان بە شیعرەوە هەیە، بە ڕوانگەیەکی هەمەلایەنە و تۆڕئاسا لێک بدرێنەوە. مەبەستی ئەم توێژینەوەیە وەڵامدانەوە بەم پرسیارەیە کە لایەنی جوانیناسی و هونەریی شیعری مەولەوی بۆ چ تایبەتمەندییەکی زاڵ و گشتگیر دەگەڕێتەوە و چ هۆکارگەلێک لە بەدیهاتنی ئەو تایبەتمەندییە دەوریان هەبووە؟

### ۱-۱- پاشخانی بابەتی توێژینەوەکە

ئەو بابەتانەی تا ئێستا سەبارەت بە شیعری مەولەوی زۆرتر توێژینەوەیان بۆ کراوە، ئەم تەوەرانە دەگرێتەوە: ڕەنگدانەوەی سۆفیگەری، ژیاننامە و ڕووداوەکانی ژیانی مەولەوی، بەراوردکردنی لەگەڵ شاعیرانی دیکە، دەور و جێگای سروشت لە شیعرەکانیدا، بابەتەکانی کەلام و باوەڕە ئایینییەکان، نامەگۆڕینەوەی شیعری و بابەتە زمانناسانەکان. سەبارەت بە شیعرییەت و لایەنی هونەریی شیعری مەولەویش کە بابەتی توێژینەوەی بەرباسە، وا نییە کە تاکوو ئێستا هەوڵێک نەدرابێت. عوسمانپوور (۱۳۸۹) لە کتێبەکەیدا بە تێروتەسەلی، ئامرازە ڕوونبێژییەکانی وەک لێکچواندن، خواستن، خوازە، درکە و ژێربەشەکانی ئەم ئامرازانەی شرۆڤە کردووە و نموونەی بۆ دەرهێناون. خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەو توێژینەوەیە ئاماژە بە دوو بابەتی گرنگ لە شیعری مەولەویدایە کە داهێنانی شاعیر لە بواری لێکچواندن و دەرکەوتنی بارودۆخی فەرهەنگی تایبەتی ناوچەییە لە شیعرەکانیدا (۹۶ و ۱۷۹). محەمەدپوور (۱۳۸۸) سەبارەت بە خەیاڵ و ئافراندن لە شیعری مەولەویدا وتارێکی نووسیوە و ڕوونی کردووەتەوە کە وشە چۆن و لە چ لایەنگەلێکەوە لە خوڵقاندنی جوانیدا ئەرکی هونەریی گێڕاوە، هەروەها لە وتارێکی تر لە کۆمەڵەوتارەکەیدا سەبارەت بە ئیماژکاری ئاماژەی بۆ ئەم بابەتە کردووە کە بەکارهێنانی ئیماژ لەلایەن مەولەوییەوە بە مەبەستی گەیاندنی هەست و عاتیفە بە خوێنەر بووە (۱۷۰). ئەنوەر قادر محەمەد (۲۰۰۷) لە کتێبێکدا کە تێزی دکتۆراکەی بووە، گەرچی دوو سەردێڕ لە پێڕست و خشتەی ناوەرۆکی بەرهەمەکەی، باسی تایبەتمەندییە هونەری و ئیستێتیکییەکانی شیعری مەولەوییە، بەڵام بێجگە لە ئاماژەگەلێکی گشتی، شتێکی تر سەبارەت بە جوانیناسیی شیعری مەولەوی لە ناخی بابەتەکاندا نەگوتراوە.

## ۲- بنەمای تیۆریک

لە ڕابوردوودا بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی ئاستی هونەری و جوانیناسانەی شیعری شاعیر، لە زانستی ڕەوانبێژی وەکوو پێوەر کەڵک وەردەگیرا؛ بەڵام ڕەخنەی شیعر لە سەردەمی هاوچەرخدا بۆ ئەو مەبەستە بازنەیەکی بەربڵاوتر لە زانستی ڕەوانبێژی دەگرێتەبەر. لە ڕەخنەی شیعردا، شیعر وەکوو سیستمێکی یەکگرتوو دادەنرێت کە واتا و ئەرکی تەواوی

ئەندامەکانی، بەپێی ئەو سیستمە دیاری دەکرێت. زمان (= واچ، وشە، ڕستە)، واتا، وێنەی شیعری، مۆسیقا و سۆزی هونەری، پێکهێنەرەکانی سیستمی ناوخۆیی شیعرن کە دەورگێڕیی ئەم پاژانە بە شێوەی جیاجیا نییە، بەڵکوو بە شێوەی پەیوەندییەکی تۆڕئاسایی دەور دەگێڕن. بەم بۆنەوەیە کە لە ڕەخنەی نوێدا دەگوترێت شیعر خاوەن یەکێتیی سیستماتیکە و سیستمێکی زاتی و سەربەخۆی هەیە (مکاریک، ١٣٨٥: ٤٣١). هەڵبەت سەربەخۆیی ئەم سیستمە بەو واتایە نییە کە سیستمگەلی دیکە، هیچ چەشنە کاریگەرییەکیان تێیدا نەبووە؛ چونکە دەقی ئەدەبی سیستمێکی کراوەیە و لەگەڵ سیستمەکانی تردا پەیوەندیی هەیە (پیروز، ١٣٨٧: ١٠٨). جا سیستمی ناوخۆیی شیعریش وا نییە کە تەنیا بریتی بێت لەو پاژە سەرەکییانەی کە لە ڕواڵەتی شیعردا دەبیندرێت. بەردەنگی شاراوەش وەکوو هۆکارێکی گرنگ دێتە ئەژمار کە لە ڕەوتی بەرهەمهاتنی شیعردا دەوری دابینکەری هەیە و تایبەتمەندیی زاڵی شیعرێک بێ‌گومان پەیوەندیی بەو بەردەنگەوە هەیە. جیاوازیی شیعری شاعیرێک لە شاعیرێکی تر کە بە شێوازی شیعری دەناسرێت، لە کردەوەی ئەو سیستمە گشتییە سەرچاوە دەگرێ کە بەردەنگیش دەگرێتەبەر. ئەگەر لە شیعری شاعیرێکدا تایبەتمەندییەک هەیە، ئەو تایبەتمەندییە بەرهەمی سەرجەم سیستمەکەیە و تێگەیشتن لە دەوری جوانیناسانەکەی، بەبێ سەرنجدان بە سیستمەکە دەستەبەر نابێت.

ئەو چەمکانەی بۆ لێکدانەوەی شیعری شاعیرێک بەکار دەبرێت، بریتین لە: هاوئاراستەیی سۆزی هونەری و خەیاڵی شاعیرانە، هاوڕێژەیی واتا و زمان، بەردەنگ و جوانیناسیی شیعر، هەروەها چۆنیەتیی داڕشتنی گەڵاڵەی شیعر. پەیوەندییەکی تۆڕئاسا ئەم بابەتانە پێکەوە گرێ دەدا کە دەبێتە هۆی یەکگرتوویی ڕەوتدار و سیستمیک لە شیعردا. پێکهاتەش هەر ئەو یەکگرتوویی هەناوەکیی پاژەکانی دەقە کە وەکوو «تۆڕێک لە پەیوەندییەکان» پێناسە دەکرێ (شفیعی‌کدکنی، ١٣٩١: ١٧٦). بابەتی هاوڕێژەیی واتا و زمان زۆرتر لەسەر ئەم خاڵە داکۆکی دەکات کە دانەری بەرهەم لە بەکارهێنانی زمان بۆ نواندنەوەی واتا چ شێوەیەکی هەڵبژاردووە. هەروەها جەخت دەکرێتە سەر ئەم بابەتە کە هێزی وشە و دەستەوشەکان پێویستە لە گواستنەوەی واتا کەمایەسییەکی نەبێ کە ئەمەش بۆ هەڵبژاردنی شیاوی وشە و ڕەوتی دروستی ڕستەسازی و دەستەوشەڕۆنان دەگەڕێتەوە. وێنە شیعرییەکان بەستێنێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە خەیاڵی شاعیر چۆن هەست و سۆزی ئەوی نواندووەتەوە و هاوڕێژەیی لەگەڵ بابەتەکەدا چۆنە. ڕیتم و مۆسیقای شیعریش پەیوەندیی بە ماکەی سۆزەوە هەیە و ڕیتمی شیعرەکە چۆنیەتیی ئەو هەست و سۆزەی شاعیر دەنوێنێتەوە. گرێدراویی جوانیناسیی شیعر بە بەردەنگی هونەریی شاعیرەوە، بابەتێکە باس لەوە دەکات کە بوونی بەردەنگە کە بۆ شاعیر دیاری دەکات لە دەربڕیندا چ شێوەیەکی زمانی بەکار بهێنێت.

### ٣- ساکاربێژی، مۆرکی زاڵی شیعری مەولەوی

ئەگەر بمانەوێ لە بواری هونەری و جوانیناسییەوە تایبەتمەندیی زاڵ و بەرچاوی شیعری مەولەوی دیاری بکەین، ساکاری دەبێتە ئەو خاڵە ناوەندییە. ڕەنگە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە کە ساکاربێژی چۆن دەتوانێ لایەنی جوانیناسانەی بێت و هونەری بنوێنێت؟ وەڵامی پرسیارەکە بەم جۆرەیە کە یەکێک لە ڕەهەندەکانی جوانیناسی، ساکاربێژییە و نابێ وا بزانین کە هەر شتێک کە جوانە ئەوە ئیتر ساکار نییە و ئەوەش کە ساکارە ئیتر ناتوانێت جوان بێت. ساکاری و ساکاربێژی جوانیناسییەکی تایبەت بە خۆی هەیە و لە شیعردا بە لایەنێکی ئەستەم لە جوانیی هونەری دێتە ئەژمار کە لە هەر کەسێک ناوەشێتەوە. بۆ نموونە مەولەوی توانیویە ئەو هەست و سۆزانەی دڵدار لە دڵداریدا هەستی پێ دەکات، بە ساکارترین شێواز وێنا بکات و ساکاربێژییەکەشی لەوپەڕی جوانیدا بێت:

دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ ڕازت تۆشەی گۆش، مەنزڵ وە مەنزڵ

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٣٤)

ڕەوانبێژی و جوانیناسیی ساکاربێژی لەوەدایە کە وتەکە ڕێک و ڕاستەوخۆ هەڵگری واتاکەیە و مەودایەک لە نێوانیاندا هەست پێ ناکرێ. ساکاریی شیعری مەولەوی لە لایەکەوە بەم بۆنەوەیە کە ئەو بابەتانەی دەربڕیون، پاژەکانی لە ژیانی ڕۆژانە و دیاردەکانی دەوروبەر وەرگرتووە و پەیوەندییەکی بە مژار و بابەتەکانی شیعری ڕابوردووانەوە نییە؛ لە لایەکی

تریشەوە، ئامرازە ڕەوانبێژییەکان، بەتایبەت جوانکارییەکان، کەم لە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە. پێویستە ڕوون بکرێتەوە کە هۆکاری چییە ئامرازە ڕەوانبێژییەکان هێندە لە شیعری مەولەویدا دەرنەکەوتوون؛ هەروەهاش دەبێ دیاری بکرێت کامە ئامرازی ڕوونبێژی زۆرتر لە شیعرەکانیدا هەیە و لە نێوان ئەو ئامرازانە و ساکاربێژیدا چ پەیوەندییەکی واتادار لە ئارادایە. بێگومان نەبوونی ئامرازە جوانکارییەکانیش بۆ خودی فەلسەفە و چییەتیی ساکاری دەگەڕێتەوە و پێویستە هۆکاری ئەم پەیوەندییەش شی بکرێتەوە.

ئەم تایبەتمەندییە زاڵە، واتە ساکاربێژی، کە لە شێوازناسیی شیعری مەولەویدا تەوەر و خاڵی ناوەندییە، خۆی بەرهەم و دەرئەنجامی دوو بابەتی گرنگە کە بریتین لە: پێکهاتەی خەیاڵی شاعیرانە و چەشنی بەردەنگی هونەریی شاعیر. ئەم بابەتانە پێکەوە پەیوەندییان هەیە و بەپێی ئەو پەیوەندییە دەور دەگێڕن و وەکوو ژێرخان دابینکەری چۆنیەتیی ڕواڵەتە ساکارییەکەی شیعری مەولەوین. لە درێژەدا سەرچاوە و چۆنیەتیی ساکاربێژیی شیعری مەولەوی ڕوون دەکرێتەوە و دیاریش دەکرێت کە ئەو هۆکارانەی لە بەدیهاتنی ئەم تایبەتمەندییەدا دەوریان گێڕاوە، پەیوەندییەکەیان بە چ شێوەیەکە.

### ۱-۳- پێکهاتەی زەینییەتی شیعری و خەیاڵی شاعیرانەی مەولەوی

خەیاڵی شاعیرانە و زەینییەتی شیعریی شاعیران خاوەن پێکهاتەیەکە کە لە شێوازناسی و ڕەخنەی شیعردا پێویستە سەرنجی پێ بدرێت. تا ئەو پێکهاتەیە دیاری نەکرێت و ڕوون نەبێتەوە، تێگەیشتن لە شێواز و جوانیناسیی شیعری شاعیر دەست نادات؛ چونکە تەواوی تایبەتمەندییەکانی شیعری شاعیر بە جۆرێک گرێ دراوەتە ئەو پێکهاتەیەوە. چۆنیەتیی پێکهاتنی ئەو پێکهاتەیە بابەتێکی یەکجار گرنگە و ئەوەی‌کە چ هۆکارگەلێک دەوریان گێڕاوە، دەبێتە دوو بەشەوە: بەشێک کە پەیوەندیی بە خودی شاعیرەوە هەیە و بەشێکیش کە بۆ بارودۆخ و کەشی گشتیی شیعر لە سەردەمی شاعیردا دەگەڕێتەوە. شیعری هەر سەردەمێک لە بواری هونەری و جوانیناسییەوە ئاستێکی تایبەت و دیاریکراوی هەیە کە بۆ شاعیر دابینکەری ڕەهەندە و دەبێتە پێوەر تاکوو لەو ئاستەدا شیعر بهۆنێتەوە. ئەوەی کە داهێنانی کەسێنیی شاعیر چۆن لەتەک ئەم بابەتەدا دێتەوە و ڕێک دەکەوێت، لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە. بۆ پێکهاتنی چوارچێوەی خەیاڵ و سیستمی شاعیرانە دوو ڕەوتی جیاواز دەستنیشان دەکرێت:

۱- شۆڕپاندنی نوێنەکانی دەربڕین کە بەرهەمی نەریتی ئەدەبین: بۆ هەر بابەتێک و مۆتیفێک لە درێژەی مێژووی شیعرییەکەیدا، شێوەیەکی گشتی بۆ دەربڕین و وێناکردن پێکدێت کە دەکرێ بە زمانی تایبەتی ئەو بابەتە و مۆتیفە ناودێر بکرێت. پێکهاتنی ئەو زمانە تایبەتە لە سەر دەستی یەک کەس بەرهەم نایێت، بەڵکوو ڕەوتێکی مێژوویی هەیە و بۆ سوورەی دووپاتبوونەوەی بابەتەکە و مۆتیفەکە لە شیعری شاعیراندا دەگەڕێتەوە. گەڕانی هەر بابەتێک و زمانە تایبەتەکەی لە مێژووی شیعردا، پەیوەندیی زەینی لە نێوان شاعیراندا دروست دەکات. بیستراوەکان دەبنە نوێنەک بۆ خەیاڵکردی شاعیر و زمانی دەربڕینی، واتە ئەوەی کە شاعیر لە شیعری شاعیرانی دیکەوە بیستوویە و وەکوو زانستی شیعری بۆی بەرهەم هاتووە، دەبێتە چوارچێوەیەک بۆ تێڕامان و خەیاڵکردی شاعیر و ئەویش بەپێی ئەو چوارچێوەیە شیعر دەهۆنێتەوە. داهێنانی شاعیر لەم ڕەوتەدا بە شێوەی گۆڕانکاری و نوێکاری لە ڕێکخستن و تێکەڵکردنی ئەو بیستراوانەیە. شاعیر هەوڵ دەدا لە چوارچێوەی نەریتە ئەدەبییەکاندا بە شێوەگەلێکی جۆربەجۆر چالاکی و کردەوەیەکی داهێنەرانەی هەبێت.

۲- سەربەخۆیی لە شێوەی دەربڕیندا: زەینییەتی شیعریی شاعیر بە شێوەی قاڵبی بیچمی نەگرتووە و لە دەربڕیندا لە نوێنەکگەلێکی دیاریکراو کەڵک وەرناگرێ. لە ڕاستیدا شاعیر سەرنج ناداتە نوێنەکەکانی نەریتی ئەدەبی کە لە پاشخانی مێژوویی شیعردا پێکهاتووە و وەکوو قاڵبێکی زمانی بۆ دەربڕینی واتا و مەبەستەکانی شاعیر جێکەوتووە. لەم ڕەوتەدا شاعیر بە هۆی ئەوەی‌کە لە نوێنەکگەلی دەربڕینی سەر بە نەریتی ئەدەبی بۆ دەربڕینی هەست و مەبەستەکانی کەڵک وەرناگرێ، داهێنانی تاکەکەسی بەرچاوترە.

هەروا کە ئاماژەی پێ درا جوانیناسی و لایەنی هونەریی شیعری هەر شاعیرێک پەیوەندیی بە پێکهاتەی خەیاڵ و زەینییەتی شیعریی ئەو شاعیرەوە هەیە. ساکاریێژی کە تایبەتمەندیی جوانیناسانەی شیعری مەولەوییە، دیاردەیەکی جیا لە پێکهاتەی خەیاڵ و زەینییەتی شیعریی ئەم شاعیرە نییە. بۆ تێگەیشتن لە ساکاریی شیعری مەولەوی سەرەتا پێویستە بزانین پێکهاتەی زەینییەتی شیعری و خەیاڵی شاعیرانەی بە چ شێوازێکە. خەیاڵی شاعیرانەی مەولەوی بەپێی نەریتە ئەدەبییەکان دەقی نەبەستووە و وا نەبووە کە نوێنەکی نەریتە ئەدەبییەکان بۆ خەیاڵکرد و تێڕامانی شاعیر ئاراستەیەکی دیاریکراو دابین بکات و ئەویش لە چوارچێوەی ئەو ئاراستەیەدا شیعر بهۆنێتەوە. بە وتەیەکی تر نوێنەکی هۆنینەوەی شیعر بۆ مەولەوی لە پاشخانی شیعریی ڕابوردووان و هاوسەردەمانییەوە سەرچاوەی نەگرتووە؛ بۆیە چوارچێوە و بنەڕەتی خەیاڵی شاعیرانەکەی لەسەر ئەو بیستراوە و بینراوانە دانەمەزراوە کە لە شیعری شاعیرانی دیکەوە وەرگیرابێت و ماددەی پێکهێنەری شیعرەکەی زۆر کەم لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە وەرگیراوە:

شریخە و گرمەی هەوری دووریی دۆس      وە فەنا بەردەن مەغز و ڕەگ و پۆس

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٧٣)

پێکهاتەی زەینییەتی شاعیرانەی مەولەوی وەکوو دوڕگەیەک بووە و ئەو پەیوەندییە نێوانزەینییە کە زەینی شاعیر گرێ بداتە شیعری شاعیرانی دیکەوە، لە ئارادا نەبووە. لە ڕاستیدا زەینی مەولەوی لە کاتی هۆنینەوەی شیعردا بەرەو نەریتە ئەدەبییەکان ڕانەکێشراوە و لەو چوارچێوەیەدا بیری نەکردووەتەوە. دەکرێ دەستەوشەی سەربەخۆیی هونەری-زمانی بۆ مەولەوی بەکار ببەین؛ چونکە کەشی گشتی و ئاستی هونەریی سەردەم و ڕابوردوو ناکاتە پێوەرێکی جوانیناسانە و هونەری بۆ شیعرهۆنینەوەی خۆی. ماددەی خەیاڵ و پێکهێنەرەکانی شیعری مەولەوی لە دیاردەکانی دەوروبەری پێکهاتووە و سەرچاوەی بابەت و ناوەڕۆکی شیعری ئەم شاعیرە، ئەزموون و بەسەرهات و بینراوەکانی بووە، واتە ڕووداوەکانی دەوروبەر و ئەو شتانە کە بینیویە و هەستی پێ کردوون:

خەیلێن نە گێجاو بەحری مەهجووری      نە دەوری دووەی تەنوورەی دووری

پووشەکەی جەستەم وە پەنا کەفتەن      سامیعەم خەبەر یاران نەشنەفتەن

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٤٦)

بۆ وێناکردنی چەمکی «مەهجووری» و دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی بەرامبەر بە ئەم چەمکە، لەو وێنە شیعرییانە و لەو نوێنەکانەی دەربڕین کە لە نەریتی ئەدەبی و شاعیرانی دیکەدا هەیە، کەڵکی وەرنەگرتووە، بەڵکوو خۆی بە کەڵک‌وەرگرتن لە دیاردەکان و بینراوەکانی شوێنگەی دەوروبەر وەکوو ماددەی خەیاڵ، وێنەیەکی شیعریی خوڵقاندووە.

## ٢-٣- چەشنی بەردەنگی شاعیر و جوانیناسیی شیعر

شاعیر لە زەینی خۆیدا بەردەنگێک دادەنێ کە لە کاتی هۆنینەوەی شیعردا بەردەوام وتووێژی لەگەڵدایە و چاوی بەو بەردەنگەوەیە. بوونی بەردەنگ لە ڕەوتی بەدیهاتنی بەرهەمی هونەریدا، یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانە. دەوری بەردەنگی نادیار و شاراوە لە جوانیناسی و شێوازناسیی شیعردا بابەتێکی یەکجار گرنگی ڕەخنەی هونەرییە کە ڕەوت و چۆنیەتیی جوانیناسیی شیعری شاعیر دیاری دەکات. شاعیر بەپێی دنیای هزر و هەست و زانیاریی ئەو بەردەنگە پێکهاتەی شیعرەکەی دادەڕێژێ. بە وتەیەکی تر، ئاستی تێگەیشتنی هونەری و پێداویستییەکانی ئەو بەردەنگە دەورێکی گرنگی هەیە لە ڕەوتی هۆنینەوەی شیعردا و شاعیریش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەردەنگە، ئاست و پێکهاتەی دەربڕینەکەی دیاری دەکات. بەم پێیە، ڕوونە کە لە نێوان جوانیناسیی شیعری هەر شاعیرێک و بەردەنگە هونەرییەکەی پەیوەندییەکی داهێنەرانە هەیە. خوێنەری نادیار یان بەردەنگی هونەریی مەولەوی زۆر جیاوازە لە شاعیرانێک وەکوو نالی و وەفایی. هونەرنوێنی و گرنگیدان بە ڕازاندنەوەی وتە، وەکوو بەڵگەیەک ڕوونی دەکاتەوە کە شاعیر چ بەردەنگێکی لە زەیندا وێنا کردووە، هەروەها دەریدەخات کە چ لایەنێکی بۆ گرنگ بووە. بەم پێیە دیارە کە بەردەنگی هونەریی شاعیرێک وەکوو نالی، شیعرناسێکی شارەزایە کە

زانیاریی زۆری لە سەر تەواوی وردەکارییەکانی ئامرازە ئەدەبییەکان هەیە. بەردەنگ و خوێنەری هونەریی مەولەویش زەینییەتێکی ساکار، بەڵام پڕهەست و بەسۆزی هەیە کە دەیەوێت بە گیانی، ژیانی دەوروبەری هەست پێ‌بکات. ئەو بەردەنگە هونەرییە بۆ مەولەوی جەماوەر و خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا بووە، نە چینێکی تایبەت وەکوو شیعرناسان کە سەرنج دەدەنە چۆنیەتیی دەربڕین و بەکارهێنانی ئامرازە ئەدەبییەکان بە مەبەستی خوڵقاندنی مەزموونێکی نوێ. ساکاریی شیعرەکانی وەکوو گرنگترین بەڵگە دێتە ئەژمار بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە و دیارە بەپێی ئاستی جوانیناسیی ئەو بەردەنگە شیعری هۆنیوەتەوە:

پەی فێنکیی دڵ هەراسانەکەش          کافییەن تەواف ڕای ئاسانەکەش

(مەولەوی، ۱۳۹۷: ۳۷۹)

دیارە بەم بۆنەوە ڕازە ئەدەبییەکان و وردەکارییەکانی خەملاندنی دەربڕین لە شیعری مەولەویدا بۆ بەردەنگێک کە شارەزای تەکنیکە هونەری و ئەدەبییەکان بێت، بەکار نەبراوە. مەبەست لە گوتنی ئەم بابەتە کە بەردەنگی هونەریی مەولەوی خەڵکی ئاسایی بووە، ئەوە نییە کە شیعرەکانی بە ئاستنزم بزانین. کاتێ شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا بە گوێرەی ئاسۆی چاوەڕوانیی بەردەنگە هونەرییەکەی، پێکهاتەی شیعرەکەی دادەڕێژێت، کەرەستە و شێوازێکی دەربڕین بەکار دەبات کە لەگەڵ بەردەنگەکەدا بگونجێت و هاوڕێژەیی هەبێت. بەگشتی، بەردەنگی هونەری لە ڕەوتی هەڵبژاردن، تێکەڵکردن، ڕێکخستن و جێخستنی پاژەکانی شیعری شاعیردا دەور دەگێڕێ. ئامرازێکی ئەدەبی وەک پۆشین یان هاوڕەگەزیی تەواو لە شیعرەکانی مەولەویدا زۆر کەم دەبیندرێت؛ چونکە جەماوەر و خەڵکی ئاسایی کۆمەڵگا وەکوو بەردەنگی مەولەوی، لەو ئامرازانە تێناگەیێن و نەبوونی وەها ئامرازانێک لە هێماناسیی لایەنی هونەری و جوانیناسانەی شیعری ئەم شاعیرە، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ڕوونبوونەوەی تۆڕی پەیوەندی لە نێوان بەردەنگی شاعیر، ساکاربێژی، سیستمی زمانیی دەربڕین و ئامرازە ئەدەبییەکاندا.

### ٤- ڕەهەندەکانی جوانیناسیی شیعری مەولەوی

#### ١-٤- خۆنەبەستنەوە بە نوێنەکی دەربڕین

جۆرە پەیوەندییەکی نادیار لە نێوان زەینی شاعیر و شیعری سەردەمی خۆی و پێش خۆی لە ئارادایە کە وەکوو وتووێژێکی هونەری لە ڕەوتی شیعرهۆنینەوەی شاعیردا دەور دەگێڕێ. دەورگێڕانی ئەم پەیوەندییە دوو لایەنی گرنگی هەیە کە بریتین لە:

١- بابەت و ناوەرۆکی شیعری هەر سەردەمێک کە بەرهەمی کەشی هزری و جیهانبینیی زاڵی ئەو سەردەمەیە، دەبێتە بنەما و ماددەی بیرکردنەوە و تێرامانی شاعیر. ئەم ئەگەرە کە شاعیر لە دەرەوەی ئەو بابەتانە خەیاڵکرد و بیرکردنەوەی هەبێت، شتێکی چاوەڕواننەکراوە؛ چونکە پێکهێنەرەکانی زەین و هزری شاعیر شتێکی بەدەر لە بەستێنی گشتگیری کۆمەڵگای سەردەمی خۆی نییە و بەستێنیش تەواوی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، ڕامیاری و هزرییانە دەگرێتەوە کە لەو سەردەمە باوە و مرۆڤی ئەو سەردەمەی بەرهەم هێناوە.

٢- کاریگەریی ئاستی هونەری و جوانیناسیی شیعری سەردەم لەسەر شێوازی دەربڕینی شاعیر، بابەتێکە کە لە بواری شێوازناسی و ڕەوانبێژییەوە پەیوەندیی نێواندەقێتی لە نێوان شیعری شاعیر و شاعیرانی دیکە دیاری دەکات. بارودۆخی هونەری-ئەدەبیی شیعری هەر سەردەمێک ئاسۆیەکی چاوەڕوانی لە بواری خەیاڵکرد و شێوازی دەربڕینەوە بۆ شاعیر دابین دەکات؛ بۆیە پێکهاتەی خەیاڵکردی شاعیرانەی شاعیر لە پەیوەندی لەتەک بارودۆخی گشتیی شیعری سەردەمی خۆیدا بەرهەم دێت. ئەو شێوازە گشتییەی کە لە شیعری هەر سەردەمێکدا باوە، کەشێکی تایبەت بۆ خەیاڵی شاعیر پێکدەهێنێت کە ئاراستە و ڕەهەندێکی دیاریکراو دەداتە ڕەوتی خەیاڵەکەی. لە چوارچێوەی ئەم کەشەدا زمانی شاعیریش لەسەر شێوازێکی تایبەت دەق دەبەستێ. لە ڕاستیدا کەشی گشتیی شێوازی شیعری سەردەم، زەینی شاعیر بەپێی قاڵبگەلێک پێکدەهێنێت و زمانیشی لە نوێنەکی دیاریکراو و تایبەتدا ئەو قاڵبانە دەنوێنێتەوە. بۆیە مەبەست لە نوێنەکی دەربڕین ئەوەیە کە لە

سەردەمێکی دیاریکراودا بۆ دەربڕینی بابەتێکی شیعری، شێوەیەکی هاوبەش و گشتگیر لە نێو شاعیراندا باو ببێت. جا پێویستە سەرنجی ئەم خاڵەش بدرێت کە نوێنەکی دەربڕین ئەوە نییە کە لە ڕستەیەکدا دەربکەوێ و بە شێوەی ڕستە بەکار ببردرێت، بەڵکوو لێکچوونی وشەکان، وێنەشیعری و زاراوەکان دەبێتە هۆی پێکهاتنی قاڵبێک بۆ دەربڕینی ئەو بابەتە. ئەم مژارە ڕێک وەکوو ئەو شتەیە کە ڕۆلان بارت سەبارەت بە شیعری کلاسیک دەڵێ کە بیرێکی ئامادە، وێنەیەکی ئامادە و زمانێکی ئامادەی بووە (هاڵبێرگ، ٢٠١٨: ٣٢). شاعیر بۆ دەربڕینی بابەتەکەی سەرنج دەداتە شێوەی دەربڕینی شاعیرانی دیکە و لەوێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکەی، نوێنەک دەستەبەر دەکات.

نوێنەکی دەربڕین لە بابەتە فرەپاتەکاندا دەردەکەوێ. کاتێ شاعیر لەسەر هەندێک بابەتی دیاریکراو شیعر بهۆنێتەوە، ئاساییە کە زەین و زمانی لە سەر هەندێک نوێنەکی تایبەت بیچم دەگرێت. لە هەندێ چەشنی ئەدەبیدا بابەتە شیعرییەکان بە جۆرێک بووە کە بەئەزموونکردنی بۆ گشت مرۆڤەکان دەستی داوە؛ بۆیە ئەگەری دەرکەوتنی چەمک و واتا هاوبەشەکان لەم شیعرانەدا زۆرە. شیعری غینایی و عرفانی لەو چەشنە ئەدەبی و شیعرییانەن کە تێیاندا هەست و سۆز، ئەزموون و بەسەرهاتی هاوبەشی مرۆڤانە وەکوو بابەتگەلی گشتگیر دەردەکەون؛ لە ڕاستیدا لە شیعری غینایی و عرفانیدا بەستێنە هاوچەشنەکان کە بۆ گشت مرۆڤەکان ئەگەری ڕوودانی هەیە، دەردەکەوێ (محەمەدی، ١٤٠١: ١٩٤)؛ بەم بۆنەوە پێکهاتنی نوێنەکی دەربڕین بۆ ئەم بابەتانە چاوەڕوانکراوە. جا ئەوەی‌کە شاعیران تا چ ڕادەیەک لە نوێنەکەکان کەڵک وەربگرن، لە یەک ئاستدا نین. هەموو شاعیران هەست و سۆزی ئەویندارانەیان بەئەزموون کردووە، بەڵام شاعیران بۆ دەربڕینی ئەو هەستانە ڕەوتێکی هاوشێوەیان نەبووە. زۆربەی دەربڕین و وێناکردنی شاعیران لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە وەرگیرابوو؛ بە وتەیەکی تر ئەو شێوە دەربڕینەی کە زۆربەی شاعیران هەست و سۆزی ئەویندارانەیان پێ دەربڕیوە، پاژەکانی لە نەریتە ئەدەبییەکان پێکهاتووە؛ بەڵام مەولەوی لە ڕەوتی هۆنینەوەی شیعردا زەینی شاعیرانەی، پەیوەندیی بە پاشخانی شیعریی ڕابوردووان و هاوسەردەمانیەوە نەگرتووە و بۆ وێناکردنی ئەزموون و بەسەرهاتە سۆزدارییەکانی لەو نوێنەکانەی کە شاعیرانی دیکە بەکاریان بردوون، کەڵکی وەرنەگرتووە. مەولەوی لەو شاعیرە دەگمەنانەیە کە خۆی بۆ هەست و سۆزەکانی، زمان و شێوازی دەربڕینی پێکهێناوە و دەربڕینەکەی بەتەواوی داهێنراوی خۆیە؛ بۆ وێنە کاتێ باسی دووریی یار دەکات، دەربڕینەکەی بەو جۆرە نییە کە لە شاعیرانی تردا دەیبینین:

سەمتووری سینەم وە زاڵەی بەرز مەژەنۆ نەوای دووریت وە سەد تەرز

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٢٧٨)

بوارەکان، بابەتەکان و مۆتیفەکانی شیعری مەولەوی کەم تا زۆر لە شیعری شاعیرانی دیکەشدا دەبیندرێن، بەڵام زمانی شیعریی مەولەوی بۆ دەربڕین و وێناکردن، ئەوەندە لە ژێر کاریگەریی نوێنەکەکانی پاشخانی شیعری ڕابوردووانەوە نەبووە. شاعیرانێک وەکوو وەفایی و نالی لە وێنەگەلی شیعریی دیاریکراو کەڵک وەردەگرن کە لە نەریتە ئەدەبییەکان وەرگیراون. هەڵبەت ئەمە بەو واتایە نییە کە شیعری ئەو شاعیرانە خاوەن جوانیناسی و داهێنان نییە. خاڵی سەرنجڕاکێش هەر ئەمەیە کە چەشنی جوانیناسیی شیعری مەولەوی بەتەواوی جیاوازە لە شاعیرانێک وەکوو نالی و وەفایی؛ لە ڕاستیدا لەگەڵ دوو جۆر جوانیناسی و دوو جۆر داهێنان بەرەوڕووین و داهێنانی مەولەوی و داهێنانی ئەو دوو شاعیرە، وەکوو یەک نین، بەڵکوو دوو ڕەوت و چەشنی جیاوازی هەبووە.

ڕەنگە بابەت و واتای شیعرەکە بۆ ماوەیەک لە زەینی شاعیردا بووبێت و ئەویش بیری لێ کردبێتەوە؛ ئەم حاڵەتە بۆ هەموو شاعیران ڕوو ئەدا، جا بیرکردنەوەکەی شاعیر ئەگەر بەپێی ئەو شێوەگەلە بێت کە بەهۆی شاعیرانی ترەوە لەگەڵیاندا ئاشنا بووە، دەربڕینەکەی لە هی ئەوان نزیک دەبێتەوە. بەڵام ئەگەر شاعیر بۆ ئەو بابەت و واتایەی لە زەینیدا دەرکەوتووە، خۆی شێوەی دەربڕین دابڕێژێت و دابهێنێت، دەربڕینەکەی تایبەت و جیاواز دەنوێنێت. مەولەوی واتا و مەبەستەکانی خۆی بەپێی ئەو نوێنەکە دەربڕینانەی لە شیعری شاعیرانی دیکەدا باو بووە، بەکۆد (= کۆدگوزاری) نەکردووە، بەڵکوو خۆی

هێما و کۆد دادەڕێژێت و شێوەی دەربڕین دادەهێنێت. لەبەر ئەوەی کە سەرنجی بە شێوەی زمان و دەربڕینی شاعیرانی دیکە نەداوە، شوێنپەنجەی شیعری ئەوان لە شیعرەکەیدا نابینین و لە بواری زمان و دەربڕینەوە سەربەخۆ بووە:

کزەی ڕەشەبای هەناسانی سەرد سیماڵی عەیش تەختەتەختە کەرد

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٤٦٧)

پێشتر ئاماژەی پێ درا کە هەست و سۆزە ئەویندارانەکان لە نێوان شاعیراندا هاوبەشە و وا نییە کە بۆ شاعیرێک بێت و بۆ ئەوانی دیکە دەست نەدات؛ بەڵام بۆ دەربڕینی ئەو هەستانە، شاعیر چ ڕەوتێک بگرێتەبەر دەبێتە هۆی جیاوازیی شێوازی هونەری و جوانیناسانە. ئەو هەست و سۆز و حاڵەتانەی مەولەوی بەرەوڕوویان بووەتەوە، بۆ شاعیرانی تریش دەستی داوە و لەم لایەنەوە لە نێوان شاعیراندا هاوبەشی هەیە، بەڵام ڕەوت و چۆنیەتیی دەربڕینەکەی مەولەوی جیاواز لە شاعیرانی ترە و لەو نوێنەکانەی دەربڕین کە بەرهەمی نەریتی ئەدەبین، وەرنەگیراوە، بەڵکوو داهێنانی خۆی بووە.

### ٢-٤- شیعری بێئامرازی جوانکاری

ناکرێ پێوەرێک بۆ لێکدانەوەی جوانیناسی و ئاستی هونەریی شیعری تەواوی شاعیران دیاری بکرێت؛ چونکە جوانیناسیی هونەری لە شیعردا تەنیا یەک جۆر و یەک ڕەهەند نییە تاکوو بکرێ بە یەک پێوەر شیعری هەموو شاعیرانی پێ هەڵبسەنگێنین؛ بەم بۆنەوە دەبێ شیعری هەر شاعیرێک بەپێی چوارچێوەی تایبەتی خۆی لێکبدرێتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت. لە ڕابوردوودا بۆ هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی لایەنی جوانیناسانەی شیعر، زۆرتر سەرنج بە بوون و نەبوونی ئامرازە ڕەوانبێژییەکان دەدرا و بەو پێوەرە ئاستی هونەری و ئەدەبیی شیعر دیاری دەکرا. جا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە، ئاخۆ لایەنی هونەری و جوانیناسانەی شیعر تەنیا لە چوارچێوەی ئامرازە ڕەوانبێژییەکاندا سنووردار دەبێتەوە و دیاری دەکرێت؟ دەبێ ئەم بابەتە ڕوون بکرێتەوە کە لە نێوان بوون و نەبوونی ئامرازە ئەدەبییەکان و جوانیناسیدا چ پەیوەندییەکی واتایی هەیە. ئەگەر شیعری شاعیرێک زۆر کەم لەو ئامرازانەی تێدا بێت، ئایا لایەنی جوانیناسییەکەی لاوازە؟ لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیوەندیی واتایی ئەم دوو چەمکە، دەردەکەوێ کە ڕەوانبێژی و جوانیناسی تەنیا لە ئامرازە ئەدەبییەکاندا سنووردار نابێتەوە و ئەگەر شیعرێک ئەو ئامرازانەی تێدا نەبێت، ئیتر وا نییە کە بێبەش بێت لە جوانی و لایەنی هونەری. هەندێ لە ئامرازە ڕەوانبێژییەکان سروشتی وتە و دەربڕینن، بەڵام برێکیش وەها نین و تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی وتە و نوێکاری لە بابەتەکەدا بەکار دەبرێن. بابەتە ڕوونبێژییەکان سروشتی زاتیی وتە و شیعرن و لە کاتی هۆنینەوەی شیعردا دەرکەوتنیان ئاساییتر و سروشتیترە، بەڵام بابەتە جوانکارییەکان شتێکی زێدەکراو بە شیعرن. بەرچاوترین ئامرازی ئەدەبی لە شیعری مەولەویدا، لێکچواندن یان شوبهاندنە و ئەم ئامرازە سروشتی دەربڕینە و شتێکی بەدەر لە وتە و ئاخاوتنی سروشتی نییە:

هاڵای کزەی زام جگەرگۆشەی وێم موو ئاسا و ئایر هەر پێچ مەدا پێم

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٦٣)

زۆربوون و کەمبوونی وێنەشیعرییەکان و ئامرازە ئەدەبییەکان لەو تەوەرانەیە کە پێکهاتەی زەینییەتی شیعریی شاعیر ڕوون دەکاتەوە. شیعری مەولەوی هێندە ئامرازی ئەدەبیی تێدا نییە و لەچاو شاعیرانێک وەکوو نالی، وەفایی و هتد ئامرازە جوانکارییەکان لە شیعری ئەودا زۆر کەمە؛ بەڵام لە بواری هونەری و جوانیناسییەوە لە ئاستێکی بەرزدایە و مارف خەزنەدار لەم بارەوە دەڵێ مەولەوی لە پلەی شاعیریەتیدا سەربڵندە (٢٠٠٣، ب٣: ٢٥٧). ئێستا کە لایەنی هونەری و جوانیناسانەی شیعری مەولەوی بە ئامرازە ڕەوانبێژییەکانەوە گرێ نەدراوە، سەرچاوەی جوانیی شیعری ئەم شاعیرە لە چیدایە؟ بۆ ڕوونبوونەوەی ئەم بابەتە پێویستە تایبەتمەندییەکانی شیعرەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ یەکدا و لە چوارچێوەیەکی گشتیدا کە تەواوی هۆکارە دەورگێڕەکان کاریگەرییان بووە، لێکبدرێتەوە.

پاڵنەدان و خۆنەبەستنەوە بە ئامرازە ئەدەبییەکان، لە گرنگترین دەرکەوتەکانی ساکاربێژییە لە شیعری مەولەویدا. مەولەوی بە دوای ڕازاندنەوەی شیعرەوە نەبووە و هەر ئەم بەکارنەهێنانی ئامرازانە خۆی چەشنێکە لە داهێنان لە فۆرم و

پێکهاتەدا. ئەو ئامرازە ڕەوانبێژییانەش لە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە، هێندە لە نێو دەقەکەدا تواوەتەوە کە نادیار دەنوێنێت؛ چونکە ئەو ئامرازانە سروشتیی شیعر و وتەیە و پێویستیی دەربڕینە. ئەوەش پێویستیی دەربڕین بێت، لە ڕیزی ڕازاندنەوە نایێتە ئەژمار. بەگشتی بۆ وێنە شیعرییەکان دوو ئەرک دابین کراوە: ١- خەملاندن و ڕازاندنەوە؛ ٢- دەورگێڕی و ئەرکمەندی (شفیعی‌کدکنی، ١٣٩١: ٨٧). ئەرکی وێنە لە شیعری مەولەویدا لە جۆری دووهەمە کە بۆ وێناکردنی مەبەستەکەی و گواستنەوەی واتا بووە. شیعری مەولەوی هەستێکی سروشتیی تێدایە کە شتێکی زاتییە و حاڵەتێک و کەشێکی دەستکردی کە لە ڕازاندنەوەی وتەدا ئەگەری هەیە، تێیدا نابینین.

ئەگەر شاعیر بە شێوەی خۆڕسک شیعرەکانی هۆنیبێتەوە و هەر ئەو ساتە کە لە مێشکیدا دەرکەوتووە، دەریبڕیبێت، دیارە دەرفەتی ئەوەی نەبووە کە بۆ ڕازاندنەوە هەوڵ بدا. لەم حاڵەتەدا ئاسایی و سروشتییە کە مەودایەک لە نێوان هەست و وتەکەیدا نەبێت و دەربڕینەکەی دەقاودەق نواندنەوەی هەست و واتاکانی بێت. لە ڕەخنەی شیعردا بە ئەم تایبەتمەندییە دەگوترێت ڕاستی (صدق) یان ڕەوانبێژیی ڕاستی (فتوحی، ١٣٨٦: ٤٢٣). لە تیۆریی ڕۆمانتیسیزمدا کە شیعر وەکوو «وەحی» چاوی لێ دەکرێ، گوتراوە کە بەو جۆرە کە هەستی شاعیر دێتە بزواندن، دەبێ هەر بەو جۆرەش دەرببڕدرێت (سەجادی، ١٣٩٥: ١٣٧). ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەکی دروست و زانستییانە پەیوەندییەکی واتایی لە نێوان وتەڕازێنی و دۆخی سروشتیی وتە بدۆزینەوە، بەم جۆرە دەبێ کە هەندێ جار هەوڵدان بۆ وتەڕازێنی دوورخستنەوە لە دۆخی سروشتی و زاتیی لەگەڵدایە؛ چونکە ڕازاندنەوەی شیعر بە جۆرێک دەبێتە هۆی مەودایەک لە نێوان هەستی شاعیر و وتەکەی و ماوەیەک دەخایەنێت تاکوو شاعیر ئەو تێگەیشتنە بکاتە دەربڕینی زمانی؛ بەم بۆنەوە گرنگیدانی زۆر بە ڕازاندنەوە و خەملاندن، شیعر لەو هەستە سروشتییەی شاعیر دوور دەخاتەوە. لە شیعری مەولەویدا ڕەوتی هۆنینەوەی شیعر بەم شێوازە بووە کە لە نێوان دەرکەوتنی واتا لە مێشک و خەیاڵی مەولەویدا و دەربڕینی واتاکە مەودایەکی کاتی نەبووە و ئەمەیە «ڕاستیی وتە و ئەزموون» کە تایبەتمەندیی شیعری ئەو شاعیرەیە

ئیمشەو مەینەتان نە دەروون جەمەن　　　　خێڵ‌خانەی کەیفم پڕ جە ماتەمەن

(مەولەوی، ١٣٩٧: ٦٥)

شاعیر کاتێ هەست بە پێویستیی بەکارهێنانی ئامرازە ڕەوانبێژییەکان دەکات کە ئەو بابەتە پێشتر لەلایەن شاعیرانی دیکەوە هاتبێتە ئاراوە؛ لەم کاتەدا هەوڵ دەدا بۆ نواندنی نوێکاری و بۆ ئەوەی دەربڕینەکەی جیاواز دەرکەوێ، لەو ئامرازانە کەڵک وەربگرێ؛ بۆیە بەکارهێنانی ئامرازە ڕەوانبێژییەکان پەیوەندیی هەیە بە چۆنیەتیی مژار و بابەتەکانەوە. ئەگەر ماددەی شیعریی شاعیرێک لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە وەرگیرابێت، زۆر ئاساییە کە هەوڵ بۆ دەربڕینی جوان و ڕازاندنەوەی وتە لە شیعرەکانیدا دەربکەوێت. مادده و پاژەکانی ئامرازە ئەدەبییەکانی شیعری مەولەوی لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە بەرهەم نەهاتووە؛ بۆیە هێندە گرنگیی بە هونەرنوێنی، چۆنیەتیی دەربڕین و ڕازاندنەوەی وتە نەداوە.

### ٣-٤- چەمک‌ڕۆنان

بۆ ئەوەی دیاری بکرێت پێکهاتەی خەیاڵ و زەینییەتی شیعریی شاعیر تا چ ڕادەیەک داهێنراوی خۆیە، سەرنج دەدرێتە چۆنیەتیی چەمک‌ڕۆنان لە شیعرەکەیدا. گوزارە وەکوو یەکەیێک دێتە ئەژمار بۆ دابین‌کردن و دیاری‌کردنی ئاستی داهێنانی هزری و واتایی لە شیعری شاعیردا. ئەگەر لە شیعری هەر شاعیرێکدا دووپاتبوونەوەی بابەت و مۆتیف زۆر بێت، ئەوە دەگەیێنێت کە بابەتە شیعرییەکانی ئەو شاعیرە سنووردار و دیاریکراو بووە و بەردەوام لەسەر ئەو بابەتانە تێڕامانی شاعیرانەی بووە و بۆ وێناکردنی بابەتەکان لە نوێنەکەکانی نەریتە ئەدەبییەکان کەڵکی وەرگرتووە. فرەچەشن‌بوونی گوزارەکان و یەکە واتاییەکان گرنگترین پێوەرە بۆ دیاری‌کردنی ڕادەی تێڕامانی شاعیر و ئەوەی کە لە ئەزموون و بەسەرهاتەکانی خۆی چۆن واتای دروست کردووە. کاتێ شاعیرێک لە ئەزموون و بینراوەکانی، چەمک، مەزموون و واتا بخولقێنێت، دیارە ئەو شاعیرە لە داهێنانی زمانی و واتاییدا هێندە نوێنەکەکانی دەربڕینی نەشۆپاندووە. فرەچەشنیی بابەتەکان

و گوزارەکان لە تایبەتمەندییە بەرچاوەکانی شیعری مەولەوییە و وەکوو هێمایەک لە هێماناسیی لایەنی جوانیناسانەی شیعری ئەو شاعیرە، دێتە ئەژمار. ئەم بابەتە دەیسەلمێنێت کە مەولەوی بەپێی نوێنەکە زمانی و واتاییەکان کە لە نەریتە ئەدەبییەکانەوە بەرهەم هاتوون، بیری لە ئەزموونی خۆی و بینراوەکانی دەوروبەری نەکردووەتەوە، بەڵکوو خۆی بۆ ئەو ئەزموون و بینراوانە، واتا و زمانی خوڵقاندووە؛ بەم بۆنەوەیە کە فرەچەشنیی گوزارەکان لە شیعرەکانیدا بە چەشنێکە کە هەستی نوێبوونی بابەت دەبەخشێتە خوێنەر:

ئازیزم! ئاهیر دووریی باڵای تۆ جەستەم کەرد وە بووڵ، شەماڵ بەرد پەی کۆ

(مەولەوی، ۱۳۹۷: ٥٤)

شاعیرێکی دیکە لە شیعری کلاسیکی کوردیدا نییە کە ئەوەندەی مەولەوی سەرنج و گرنگیی دابێتە بینراوەکان و بەسەرهاتەکانی و بوویێتنە بابەتێکی زەینی بۆ شاعیر و توانیبێتی پەیوەندییەکی هەستیارانە-واتایی لەگەڵیاندا پێکبێنێت. بە جۆرێک ئەزموونەکان و بینراوەکانی کردووە بە شیعر کە بە جوانترین شێواز ڕەوتی تێکەڵکردن و لێکدان، واتە جێگرتنی پاژەکان، پیشان دەدات. داهێنانی مەولەوی لەوەدایە کە بە ئەوپەڕی هونەری شاعیرانەوە توانیویە ماددەی خەیاڵی خۆی لە بینراوەکان و ئەزموونەکانی دەستەبەر بکات؛ لە ڕاستیدا پاژەکانی خەیاڵی مەولەوی بۆ چەمکڕۆنان لە دیاردە جۆربەجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانە و شوێنگەی دەوروبەری پێکهاتووە؛ بۆیە کاردانەوە و دەرکەوتنی ئەو دیاردانە لە ڕیزی گرنگترین لایەنەکانی پێکهاتەی خەیاڵکردی مەولەوییە کە دەبێتە هۆی جیاوازیی لە شاعیرانی دیکە:

شنۆی ڕەشەبای زووسانی هیجران سەرچڵەی عەیشم کەردەن وە بوریان

(مەولەوی، ۱۳۹۷: ۱٦۱)

فرەچەشنیی گوزارەکان وەکوو بەڵگەیەک پیشان دەدات کە بابەتگەلی دیاریکراو و سنووردار لە زەینی مەولەویدا نەبووە کە بەردەوام بیری لێ بکاتەوە و شیعری پێ بهۆنێتەوە، بەڵکوو ئەزموونەکان و بینراوەکانی سەرچاوەی بابەت بووە بۆ بیرکردنەوە و شیعرهۆنینەوەی؛ بەم بۆنەوەیە کە دووپاتبوونەوەی وێنە شیعرییەکانی نەریتی ئەدەبی و نوێنەکەکانی دەربڕین لە شیعرەکانی مەولەویدا هێندە نابیندرێت. ئەگەریش دووپاتبوونەوەی بابەتێک و مۆتیفێکیش بێت، شێوەی دەربڕینەکەی زۆر جیاوازە؛ جا جیاوازیی دەربڕینەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە لایەنێک و ڕوانگەیەکی جیاوازەوە بۆ بابەتەکە ڕوانیویە و لە حاڵەتێک و زەینییەتێکی تردا بۆی دەرکەوتووە؛ بۆیە بەشێک لە چۆنیەتیی جوانیناسی و ڕەوانبێژیی شیعری مەولەوی پەیوەندیی بە بابەت و ناوەرۆکی شیعرەکانیەوە هەیە.

## ٥- ئەنجام

لە لێکدانەوە و تاوتوێکردنی بابەتی جوانیناسی و لایەنی هونەریی شیعری مەولەوی، وەکوو دەستکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە، دەرکەوت کە زەین و خەیاڵی شاعیرانەی ئەم شاعیرە، هێندە پەیوەندیی بە نەریتە ئەدەبییەکانەوە نەبووە و بەم بۆنەوەش ئامرازە ئەدەبییەکان زۆر کەم لە شیعرەکانیدا دەرکەوتووە؛ ئەو ئامرازانەش کە دەبیندرێت سروشت و زاتیی وتە و دەربڕینە و لە ئاخاوتنی ئاسایی و ڕۆژانەشدا بەکار دەبرن. مەولەوی لە ڕێگای شیعری شاعیرانی دیکەوە پێکهاتەی خەیاڵی شاعیرانەی خۆی دەستەبەر نەکردووە و بابەتە شیعرییەکانی لە نەریتی شیعرییەوە وەرنەگرتووە، بەڵکوو خەیاڵی شاعیرانەکەی داهێنراوی تاکەکەسیی خۆی بووە و لە ڕەوتێکی خۆڕسکیدا بەرهەم هاتووە. سەرچاوەی بابەتە شیعرییەکانیشی بۆ ئەزموونی ڕاستەقینەی دەگەڕێتەوە و توانیویە بەسەرهات و بینراوەکانی خۆی بە سروشتیترین شێواز بکاتە شیعر.

## سەرچاوەکان

- کوردی:


خەزنەدار، مارف. (۲۰۰۳). *مێژووی ئەدەبی کوردی*، بەرگی سێیەم. هەولێر: ئاراس.

سەجادی، بەختیار. (١٣٩٥). «شێوازناسیی ویژەی گۆرانی: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ٢ (٢): ١٢٥-١٤٨.

سەجادی، بەختیار و مەزهەر ئیبراهیمی. (١٣٩٦). *زمان و ویژەی کوردی*. سەقز: گوتار.

سەججادی، عەلائەدین. (١٣٩١). *مێژووی ئەدەبی کوردی*. سنە: کوردستان.

قادر محەمەد، ئەنوەر. (٢٠٠٧). *لیریکای شاعیری گەورەی کورد، مەولەوی*. چاپی سێیەم، سلێمانی: سەردەم.

محەمەدپوور، عادڵ. (١٣٨٨). *سۆزی لیریکا لە ئەزموونی شیعری کوردیدا*. تاران: ئیحسان.

محەمەدی، فەرهاد. (١٤٠١). «نەریتی ئەدەبی و داهێنەریتیی هونەری لە شیعری کلاسیکی کوردیدا: بە سەرنجدان بە شیعری کوردیی ناوەندی و سەروو». *پژوهشنامه ادبیات کردی*، ٨ (١): ١٨٧-٢٠٢.

مەولەوی، سەیید عەبدوڕڕەحیم. (١٣٩٧). *دیوانی مەولەوی*. کۆکردنەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕیس. چاپی چوارەم. سنە: کوردستان.

هاڵبێرگ، پێتەر. (٢٠١٨). *تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی*. ئامادەکردنی و وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد. سلێمانی: ئەندێشە.

- فارسی:

پیروز، غلامرضا. (١٣٨٧). «نقد نو در بوته نقد با تکیه بر نگرش سیستمی». *جستارهای نوین ادبی*. ش. ١۶٠: ٩٩-١١۴.

شفیعی کدکنی، محمدرضا. (١٣٩١). *رستاخیز کلمات*. چاپ سوم، تهران: سخن.

عثمانپور، کلثوم. (١٣٨٩). *دوزخ دوری: زیبایی‌شناسی دیوان اشعار مولوی کرد*. سلیمانیه: وزارت روشنفکری اقلیم کردستان.

فتوحی، محمود. (١٣٨٦). *بلاغت تصویر*. تهران: سخن.

مکاریک، ایرنا ریما. (١٣٨٥). *دانشنامه نظریه‌های ادبی معاصر*. ترجمه مهران مهاجر و محمد نبوی. چاپ دوم، تهران: آگه.